# کاریگەریی ستراتیژی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامانی لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

**ئارام عیسی میرزا [1]، فەهمی یوسف محمدامین [2]**

[1]، [2]بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان - عێراق

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو لە زانینی (کاریگەری ستراتیژی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامانی لای قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان). توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان ڕێبازی ئەزمونیان بەکارهێنابو، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (60) قوتابی کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرابون بەسەر دو کۆمەڵەدا، کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ژمارەیان لە (30) قوتابی پێکهاتبو، هەمویان بابەتی کۆمەڵایەتییان بەڕێگایەکی ئاسایی خوێندبو، هەروەها کۆمەڵەی ئەزمونی کە ژمارەیان بریتیبو لە (30) قوتابی بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژی نەخشەی هزری خوێندبو. توێژەران پێوەری بیرکردنەوەی تێڕامانیان ئامادەکرد بە ئەنجامدانی سەرجەم ڕێککارە سایکۆمەترییەکان، دواتر بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە توێژەران لەڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە بە هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسون جێگیرییان دۆزیەوە بریتییە لە (0.89) و بەپێی هاوکێشەکە (ئەلفاکرونباخ) بریتی بو لە (0.91). توێژەران (16) پلانی وانەوتنەوەیان ئامادەکرد بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی و (16) پلان بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە وانەکانیان بە ڕێگای نەخشەی هزری و ڕێگای ئاسایی دەخوێند، ئەزمونییەکە جێبەجێکرا لە ڕێککەوتی (2024/1/23) تا (2024/4/8) دوای تەواو بونی ماوەکە و جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر کۆمەڵەکان و دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە بەرنامەی ئاماریی (SPSS)، توێژەران گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتەکەیان بە ڕێگەی نەخشەی هزری خوێندبو، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بابەتەکەیان بەڕێگەی ئاسایی خوێندبو، لەتاقیکردنەوەی پاشەکی بۆگەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان، لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی.

**وشە سەرەکییەکان:** کاریگەریی، نەخشەی هزری، بیرکردنەوەی تێڕامان، قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بابەتەکۆمەڵایەتییەکان.

## پێشەکی

فەلسەفەی پشت بەکارهێنانی هەر ڕێباز و میتۆدێکی پەروەردەیی؛ بەرەو دانە بە باشتر فێرکردن و زیادکردنی کارامەییەکان لای قوتابیان. بەجۆرێك بەکارهێنانی ئەو میتۆد و تەکنیکانە بتوانێت زانیارییەکان بگۆڕێت بۆ کارامەیی، و تاك بۆ ژیان، کۆمەڵگا و بازاڕ ئامادە بکات، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، مامۆستایان، پرۆگرام و سیاسەتی پەروەردەیی لە چوارچێوە تەقلیدییەکە دەربهێندرێن، مامۆستایان ئاشنای میتۆدە نوێیەکان بکرێن، و پرۆگرامەکان لەسەر بنەمای پێویستییەکانی ژیان و کۆمەڵگە و بەها ئەخلاقییەکان دابرێژرێن، قوتابی دەبێت ئامێرە ناوەکییە هزرییەکەی بجولێندرێت و بکرێت بە سەرچاوەی بیرکردنەوە، لێکدانەوە، تێڕامان و گومان. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانەش بێتە دی، پێویستە ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەجۆرێك بن کە تێیدا قوتابی سەنتەر بێت، مامۆستاش بەردەوام گەشە بە تواناکانی بدات و ئاڕاستەکار و ڕێنمایی کاری قوتابی بێت.

## 1. ناساندنی توێژینەوە:

### 1. ١ گرفتی توێژینەوە:

ئەمڕۆ جیهان بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی زانست و زانیارییدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەخوازێ کە بەدوای توێژینەوەو بیرۆکەی نوێدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ڕوبەڕوی داخوازییەکان ببێتەوە، بۆیە لەسەر دامودەزگاکانی فێرکردن پێویستە نەك تەنها ببنە ناوەندی گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو یارمەتی قوتابیان بدەن تا زانیارییەکان دابەزیننە ئاستی جێبەجێکردن، تاوەکو بتوانن ڕوبەڕوی ئاڵنگارییەکان و پێشکەوتنە خێراکان ببنەوە، ئەمەش دەکرێت لە ناوەندەکانی خوێندن کاری لەسەر بکرێت.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (2025)
ڕێککەوتی وەرگرتن ٢١ گەلاڕێزان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٩ سەرماوەز ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١١ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: aramissa85@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ئارام عیسی میرزا، فەهمی یوسف محمدامین، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

لە ئێستادا لە بەشێکی زۆری ناوەندەکانی خوێندندا بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشێوازێکی کلاسیکی دەوترێتەوە کە زیاتر پشت بەلەبەرکردنی زانیارییەکان دەبەستێت و بواری بیرکردنەوە بە قوتابی نادات، بۆ ئەوەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو قۆناغە تێپەڕێنن پێویستە ڕێگاو شێوازە جیاوازەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ پیادەبکەن، تاوەکو فێرخوازان ببنە چەقی فێربون و توانای بیرکردنەوەیان بەهێزبێ و بتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن.

لەم ڕووەوە توێژەران ستراتیژی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری بەکاردەهێنن لەپۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە پڕۆگرامی بابەتە کۆمەڵایتیەکان، چونکە ئەم ڕێگایە یارمەتی قوتابی دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی قووڵ بیربکاتەوەو لە بابەتەکان ڕابمێنێ، قوتابی لە جیاتی ئەوەی لە مێشکی خۆیدا هێلکاری بۆ وانەیەك دابنێ و بیری لێ بکاتەوە، ئەوە دەتوانێت لەسەر کاغەز ئەو هێلکارییە بکێشێت، هەروەها فێرکردنی کارامەیی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی دروست نایەتەدی لەژێر سایەی ڕێگا کلاسیکییەکاندا، لەبەرانبەردا پێویستە گەڕان بۆ ئەو ستراتیژیانە بکرێت کە تێیدا ڕۆڵی زیاتر بە قوتابی دەدەن و کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانا عەقڵییەکان، لەم ڕوانگەیەوە توێژەران کێشەی توێژینەوەکەیان لەم پرسیارەدا کۆکردەوە:

**- ئایا ستراتیجیەتی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری کاریگەری لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان هەیە؟**

## ٢.١ بایەخی توێژینەوە:

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە مامۆستایان دەتوانن سودی لێ وەرگرن لە وانەوتنەوەیان بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەی هزری، لەبەرئەوەی ئەم ڕێگایە پڕە لەزانیاری و ئاسانە بۆ ئەوەی گەشە بە مەعریفەی فێرخوازان بدرێت، هەروەکو یارمەتی دابەشبونی زانیاری لەیادگەی مرۆڤدا دەدات (بوزان، 2009 أ, ل12). ئامانجی پیادەکردنی ئەم ڕێگایە بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابیان و گەشەپێدانی توانستی بیرکردنەوەیی زانستییان. ئەم ڕێگایەی وانەوتنەوە دەبێتە هۆکاری گەشەپێدانی کارامەییەکانی قوتابی لەهەمو بوارەکان و تەواوی ئەو بابەتانەی کە مامۆستایان دەیانەوێت فێری قوتابیانیان بکەن (حسین، 2008، ل14). ئاشکرایە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ستراتیژیە نوێیەکان، گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوەیە لای قوتابی، لەم ڕووەوە بیرکردنەوەی تێڕامان بەرنامە ڕێژەی مێشکە بۆئەوەی تاك توانادارابێت تا سود لە زانیارییەکان وەربگرێت. بێگومان لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی زانیاری لەتەواوی دونیادا بابەتی بیرکردنەوەی تێڕامان و لێوردبونەوە بووەتە پێداویستیەکی سەردەم، پێویستە قوتابیان لەسەر بیرکردنەوەی دروست و کردەیی لەلایەن فێرکارانیانەوە ڕاهێنرێن، هەریەك لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (عبدالجليل، 2022) وە توێژینەوەی (الشيخاني، 2014)، سەلماندویانە کە ستراتیژی نەخشەی هزری کاریگەری ئەرێنی جێهێشتووە لەسەر بەرزکردنەوەی دەستکەوت و ئاستی توانا عەقڵییەکانی قوتابیان.

بە کورتی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخرێتەڕو:

1- بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە گەشە بەکارامەییەکانی قوتابی دەدات، نەوەك تەنها قوتابی بکاتە بانکی زانیاری.

2- بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەی هزری یارمەتی مامۆستایان دەدات کە سەرنجیان لەسەر ئاستی تێگەیشتنی قوتابی بێت و گەشە بە لێهاتوییەکانیان بدەن.

3- ئەنجامدانی ئەمجۆرە توێژینەوەیە بۆ ئەمڕۆ پێویستە، بەهۆی کەمی توێژینەوە لەسەر بیرکردنەوەی قوتابیان بەگشتی و بیرکردنەوەی تێڕامان بەتایبەتی.

## ٣.١ ئامانجی توێژینەوە:

- زانینی کاریگەریی ستراتیژیەتی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

## ٤.١ گریمانەکانی توێژینەوە:

1- جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری ($\alpha$=0.05) لە ناوەندە ژمێرەی نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لە بیرکردنەوەی تێڕامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژی نەخشەی هزری دەخوێنن.

2- جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری ($\alpha$=0.05) لە ناوەندەژمێرەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی لە بیرکردنەوەی تێڕامان لەنێوان قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتەکەیان بەپێی ستراتیژی نەخشەی هزری دەخوێنن، و کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کەبابەتەکەیان بە ڕێگایەکی ئاسایی دەخوێنن.

## ٥.١ سنوری توێژینەوە:

1- سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.

2- سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (2023 – 2024) .

3- سنوری شوێنی: قوتابخانەی ڕێنوای بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر.

4- سنوری بابەتی: بابەتەکانی: شوێنی عێراق، ئاووهەوای ڕووەکی خۆرسك، دەرامەتەکانی ئاو، دانیشتوان و چالاکییە مرۆییەکان، لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی – بەشی جوگرافیا.

## ٦.١ پێناسەی چەمکەکان:

**1- نەخشەی هزری:**

- شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان و پوختکردنیان و بیرهاتنەوەیان لەکاتی پێویست و بەکەمترین کات، بۆیە پێی دەگوترێت نەخشەی هزری، چونکە زاناکان لەسەر شێوەی درەخت و لق و چڵەکانی دایانهێناوە (فاروق، 2022، ل70).

- نەخشەی هزری ئامرازێکە مێشکی مرۆڤ بەکاری دەهێنێ بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوەکان و ڕێکخستنی بیرۆکەکان و باش ئاراستەکردنییان (السوداني والطرعاوي، 2011، ل89)

- پێناسەی توێژەران: بریتییە لە بەکارهێنانی چەند وێنەو هێڵکاری سەرەکی و لاوەکی، بۆ بابەتێکی دیاریکراو کە گوزارشت لەناوەرۆکی بابەتەکە بکات، بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە زانیارییەکە لەشێوەی وێنەو هێڵ و ڕەنگ و نەخشە لەیادگەی قوتابییان بمێنێتەوە.

**2- بیرکردنەوەی تێڕامان:**

- توانای تاکە کە یارمەتی دەدات چالاکانە لێکۆڵینەوە لە بیر و باوەڕ و ئەزمونە چەمکییەکانی بکات، بۆ وەسفکردنی دۆخ و ڕوداوەکان، هاوکات شیکردنەوە بۆ دەرەنجامەکان بکات و سودیان لێ وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی لە دۆخە هاوشێوەکانی تر کە ڕووبەڕوی دەبنەوە (Schon, 1987, p107).

- مامەڵەکردنی وردی تاکە لەگەڵ چالاکییەکان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربون و پاراستنی بەردەوامی پاڵنەر و تێگەیشتنی قووڵ بە بەکارهێنانی ستراتیژی فێربونی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

گونجاو لە ڕێگەی کارلێککردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانی و مامۆستایان، کە ڕاستەوخۆ بەشدارن لە پرۆسەی فێربون (Kim, 2005, p22)

- **پێناسەی ڕێککاری:** بیرکردنەوەی تێرامان توانای قوتابییە بۆ سەرنجدانی بابەتی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی ئاگایی و لەسەر بنەمای وردی و دروستی ڕێککاری، بە شێوازێك قوتابی بگات بەئاستی دڵنیایی و متمانە و چارەسەریەکی دروست و گونجاو، کە ئەمەش پێوانە دەکرێت لە میانەی وەڵامدانەوەیان قوتابی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان کە توێژەران بۆ ئەو مەبەستە ئامادەیان کردووە.

## 2. چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوتر:

### 2. 1 چوارچێوەی تیۆری:

#### 2. ١. ١ چەمکی نەخشەی هزری :

تۆنی بۆزان لە کۆتاییەکانی ساڵانی شەست نەخشەی هزری یاخود نەخشەی بیرکردنەوە، (MIND MAP) ی داهێنا، کەئەمەش یەکێك بو لەڕوداوەکانی شۆڕشی بیرکردنەوە. ئەم ستراتیژییە یارمەتیدەرە بۆ هەڵگرتنی زانیاری لە یادگەدا، و بەئاسانیش دەتوانی زانیارییەکان بەبیربێنیتەوە، واتە ئامرازێکی داهێنەرانەی کاریگەرە بۆ نوسینی تێبینییەکان، گواستنەوەی وشە بۆ وێنە لەشێوەی نەخشەدا (بوزان، 2009 ب ، ل6). یاخود نەخشەی هزری ئاماژەیەکە بۆ چەندین شێوەی بینراوی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ وەرگرتنی سەرنجەکان، کەتاکەکەسێك یاخود کۆمەڵێك کەس دەتوانن بە دروستکردنی نەخشەکە هەڵبستن (Buzan, 2006, p8). هەر بۆیە نەخشەی هزری ڕێگایەکی بیرکردنەوەو ڕێکخستنی بیرۆکەکانە لەمێشکدا، ئامانجی بۆزان لەم ڕێگایەدا بریتیبو لە کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی زانیارییەکان لەشێوەی نەخشەیەکی هزری و عەمبارکردن و وێناکردنی لەمێشکدا (محمد،2021، ل112). یاخود نەخشەی هزری، میتۆدێکی وانەوتنەوەیە، بە تایبەت بۆ سەرەتای هەمو بەشێکی نوێ، مامۆستاکان دەتوانن سودی لێ ببینن. ئەم میتۆدە نەک تەنها لە بواری وانەوتنەوەدا، بەڵکو بۆ هەمو بوارەکانی دیکەش گرنگە؛ کاتێک مرۆڤ دەست بە کارێک دەکات، بۆ نمونە: نەخشەدانان بۆ نوسینی کتێبێکی نوێ، لێکۆڵینەوە یان توێژینەوەیەکی نوێ، پرۆژەیەکی نوێ، دامەزراندنی کۆمپانیایەک یان دەزگایەکی نوێ، بۆ بەرنامەیەکی نوێی ڕادیۆ و تیڤی، دەرهێنانی شانۆنامەیەک (سەعید، 2022. ل87).

**تایبەتمەندییەکانی ستراتیژی نەخشەی هزری:**

تونی بوزان هەستا بە دیاریکردنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی نەخشەی هزری لەوانە:

1- بابەتەکە دەبێتە بابەتێکی سەرنجڕاکێش لەسەر شێوەی وێنەیەکی ناوەندی (ناوەڕاست).

2- بابەتە بنەڕەتییەکانی وانەکە لە ناوەندی وێنەکەوە تیشکدەدەنەوە، لەسەر شێوەی تیشك یاخود لقەکان خۆیان دەنوێنن.

3- لقەکان وێنەیەک یان وشەیەکی سەرەکی لەخۆ دەگرن لەسەر هێڵێك کەپەیوەستن بەیەکەوە، بەڵام ئەو بابەتانەی کە کەمتر گرنگییان هەیە لە شێوەی لقەکاندا نوێنەرایەتی دەکرێن کە بەلقە ئاستبەرزەکانەوە بەستراوەتەوە.

4- لقەکان پێکەوە لەگەڵ یەکتردا پێکهاتەیەکی پەیوەست بەیەك پێکدەهێنن (بوزان و بوزان، 2010، ل69).

**هەنگاوەکانی دروستکردنی نەخشەی هزری:**

دروستکردنی نەخشەی هزری بەپێی چەند هەنگاوێك دەبێت کە ئەمانەن:

1- لە ناوەڕاستی لاپەڕەیەکی سپییەوە یاخود (وایتبۆرد) دەست پێ بکە، چونکە ناوەند ئازادیی بە مێشک دەبەخشێت کە بە هەمو لاکاندا هەنگاو بنێیت و بە شێوەیەکی ئازادانەتر گوزارشت لە خۆی بکات.

2- هەوڵ بدە لە شوێنی بیرۆکە سەرەکییەکە (بابەتەکە) وێنەیەک لە ناوەڕاستدا دابنێیت، چونکە کۆنفۆشیۆس دەڵێت: یەك وێنە بەئەندازەی (1000) وشە کاریگەریدەکات، وێنە سەرنجڕاکێشە و هاوکاریی فێرخواز دەکات بۆ ئەوەی زیاتر سەرنجی چڕبکاتەوە.

3- «ڕەنگ» بە کار بهێنە، ڕەنگەکان هۆکارێکی سەرنجڕاکێشن و دەبنە هۆی ئەوەی مێشکت وەک وێنەکان وا بێت. ڕەنگەکان وزەیەکی زیاترت پێ دەبەخشن، ژیان دەبەخشنە نەخشەکەت، وزەیەکی زۆر گەورە بە هزری داهێنەرانە دەبەخشن (سەعید، 2022، ل89-90).

4- هێڵە سەرەکییەکانی پەیوەستکردن (ئەوانەی دەوری وێنە ناوەندییەکە) بە وێنە گەورەکەی ناوەندەوە گرێ بدە یان پەیوەست بکە. هەروەها هێڵە لاوەکییەکانی پەیوەستکردنی ئاستی دووەم و سێیەم بە ئاستی یەکەم و دووەمەوە پەیوەست بکە، چونکە مێشک بە شێوەیەکی پەیوەستگەرایی کار دەکات، بۆیە ئەگەر هێڵەکانی پەیوەستکردن بەیەکەوە گرێ بدەیت ئەوە باشتر تێیاندەگەیت.

5- گرنگە هێڵەکانی پەیوەستگیری چەماوە بن، چونکە بەکارهێنانی هەر هێڵێکی دیکە جگە لە هێڵی ڕاست، مێشکی مرۆڤ ئاسودە دەکات.

6- بەکارهێنانی چەمکەکان، چونکە بەکارهێنانی چەند چەمکێکی دیاریکراو نەخشەکە بەهێزتر دەکات (محمد، 2021، ل113-115).

**داواکارییەکانی دروستکردنی نەخشەی هزری:**

لەبەرئەوەی نەخشەی هزری ئاسانەو ئیلهامبەخشی سروشتە بۆیە پێکهاتەکانی سادەن:

1- پەڕەیەکی سپی و بێ هێڵکێشراو یان وایت بۆرد.

2- پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ.

3- ژیری، عەقڵ (لۆژیك).

4- خەیاڵ (بوزان، 2009ب، ل20).

**سودە پەروەردەییەکانی نەخشەی هزری:**

ئەم ستراتیژییە چەندین سودی پەروەردەیی هەیە،کە گرنگترینییان بریتین لە:

1-بەهۆی ئەم نەخشەیەوە مامۆستا دەتوانێت بابەتەکەی بەکورت و پوختی بە ڕێگایەکی ئاسان بە فێرخوازان بگەیێنێت.

2-(نەخشەی هزری) چێژێکی زۆر بە قوتابیان دەبەخشێت.

3-ئەو وانەیەی کە نەخشەی بۆکێشرا، درەنگ لەبیر دەچێتەوەو، ئاسان بیری قوتابیان دەکەوێتەوە.

4-کارامەیی قوتابیان بەهێز دەکات.

5-دەبێتە هۆی چالاککردنی هەردو بەشی مێشکی قوتابیان.

6-بنیاتنانی بیرکردنەوەی ئەرێنیە.

7-دۆزینەوەی ڕێگاو چارەسەرە بۆ گرفتەکان بەشێوەیەکی خێراو ئاسان (فاروق، 2022، ل278).

#### 2. ١. ٢ بیرکردنەوەی تێرامان:

**چەمکی بیرکردەوەی تێرامان:**

بیرکردنەوەی تێرامان شێوازی جیاوازی تاکە بۆ ڕێکخستن و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر، ئەمشێوازە وابەستەی ڕاددەی سەقامگیری تاکە. ( Kagan, 1988,

p342). بیرکردنەوەی تێڕامان شێوەیەکە لەشێوە گرنگەکانی بیرکردنەوە، کە زۆرێك لەنوسەران دوپاتی لەسەر دەکەنەوە، پشت بە پرۆسە عەقڵیەکان و تێرامان و قووڵبونەوەو چاودێری دەرون دەبەستێ، ئەمەش کارامەییەکانی ژێرییە، کە بەکۆمەڵێك پرۆسە عەقڵییە مەعریفییەکان هەڵدەستێ، وەکو گشتاندن، جیاکردنەوەو بەراوردکاری و ئەرگۆمێنت هێنانەوە لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو یاخود چارەسەری کێشەیەك لەکێشەکان (حبیب، 2003، ل153). بیرکردنەوەی تێڕامان یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە مرۆڤ لەتەواوی دروستکراوەکانی تر جیادەکاتەوە، بیرکردنەوە لەزمانەوانیدا واتە بەوردی سەرنجدان، بەڵام لەزاراوەدا ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوە و جەختکردنەوە لەسەر ئەو شتەی لە عەقڵدا ڕوودەدات، هەروەها بیرکردنەوەیە لە بابەتێك یان بیرۆکەیەك یان ئامانجێك (Wehmeier, 2005, p1270).

**گرنگی بیرکردنەوەی تیڕامان:**

1- بەستنەوەی زانینەکی نوێ، بە شارەزاییەکانی پێشوتر.

2- جێبەجێکردنی ستراتیژە تایبەتیەکان لەسەر ئەرکە نوێیەکان.

3- تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوە.

4- کارکردن لەسەر ڕێکخستنی دژیەکەکان و بەراوردکردنیان.

5- قووڵبونەوە لە بابەتەکاندا (محمد، 2022، ل8-9).

**تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی تێڕامان:**

1- بیرکردنەوەی کاریگەرانە کە بەشێوەیەکی پڕۆگرامی ڕون و ورد بەدوای خۆیدا بهێنێ، لەسەر بنەمای گریمانەی دروست بنیاتنرابێ.

2- بیرکردنەوەی سەروی مەعریفە کە بریتییە لە ستراتیژییەکانی بڕیاردان، چارەسەرکردنی کێشەکان، شیکردنەوەی ئەنجامەکان، و گەیشتن بە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکە.

3- چالاکییەکی زەینی تایبەتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، پشت بە یاسا گشتییەکان دەبەستێت بۆ خوێندنەوەی دیاردەکان.

4- پەیوەندییەکی دروستی بە چالاکییە کردەییەکانی مرۆڤەوە هەیە.

5- بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرکردنەوەیەکی خودی درکپێکراوە، وردبونەوەو تێڕامانە لەهەڵوێستەکان.

6- بیرکردنەوەی تێڕامان بەرجەستە بونی ڕاستییە، واتە بیرکردنەوەیە لە کێشە ڕاستەقینەکان (الفار، 2011، ل54).

**گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان:**

گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان تا ئاستێکی زۆر دەوەستێتە سەر توانای مامۆستا بۆ پشکیریان لەهەر بیرۆکەیەکی نوێ، ئەو مامۆستایەی بیرکردنەوەکانیان کارایە، کەسێکە کەمامەڵە لەگەڵ تەواوی بیرکردنەوەکان دەکات پێی وایە شایستەی لێکۆڵینەوە و تێڕامانە، تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی مامۆستایشەوە بێسودبێت، ڕێز لە بیری هەمو فێرخوازان دەگرێت بەبێ جیاوازی تاکەکەسی. پێویستە فێرخواز فێربکرێت چۆن تێڕامان لەبیرکردنەوەکانی بەرجەستە بێت، پێش ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت لەبەرامبەر بیرکردنەوەکانی یان شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان یان مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوداوەکان، بیرکردنەوەی تێڕامان بیرکردنەوەیەکی بابەتی ڕێکخراوە (الشریف، 2013، ل196-197).

**ڕۆڵی مامۆستا لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێڕامان:**

1- پێویستە گوێگرتن لە قوتابیان لەبەرچاو بگیرێت.

2- ڕێزگرتن لە کراوەیی و فرەیی.

3- هاندانی گفتوگۆ و دەربڕینی بیروڕا.

4- هاندانی قوتابیان بۆ بەشداریکردن لە فێربونی چالاک.

5- وەرگرتنی بیرۆکەی قوتابیان.

6- کاتێکی پێویستی پێ بدە تا بیر لە بابەتەکە بکاتەوە (الشریف، 2013، ل209-211).

## 2. ٢ توێژینەوەکانی پێشو:

### 1-2-2 خستنەڕو و بەراوردی توێژینەوەکانی پێشو:

لە خشتەی (1) توێژینەوەکانی پێشو و بەراوردکردنیان خراوەتەڕو:

خشتەی (1)

بەراوردی توێژینەوەکانی پێشو

| ژ | ناوی توێژەر، ساڵ و شوێنی بڵاوبونەوە | ئامانجی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | نمونەی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بەبابەتی نەخشەی هزری | | | | |
| 1 | توێژینەوەی عبدالجلیل (2022) کوەیت | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی کاریگەریی نەخشەی هزرییە، لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی تێگەیشتنی دەرەنجام لای قوتابیانی پۆلی نۆیەم لە وڵاتی کوەیت. | ڕێبازی ئەزمونی | 32 قوتابی لەکۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، 32 قوتابی لەکۆمەڵەی ئەزمونی | جیاوازییەکی بەهاداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری ($\alpha$=0.05) ی ڕێپێدراو، لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەکانی تاقیکردنەوەی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو، لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی. |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | الشيخاني(2014) اربيل- كردستان | ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی: 1-كاریگەریی بەكارهێنانی نەخشەی هزری لە تاقیكردنەوەكانی دەستكەوتی قوتابیان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی زانستدا. 2-كاریگەریی بەكارهێنانی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی ئاراستە زانستییەكان لای قوتابیانی پۆلی هەشتەم لە بابەتی زانستەكان. | ڕێبازی ئەزمونی | 30 قوتابی ڕەگەزی مێ،كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو، 28 قوتابی ڕەگەزی مێ لەكۆمەڵەی ئەزمونی | 1-بەكارهێنانی نەخشەی هزری كاریگەریی هەبو بەئەندازەیەكی زۆر لەسەر دەستكەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستەكان. 2-بەكارهێنانی ڕێگای نەخشەی هزری كاریگەریی ئەرێنی دروست دەكات لە گەشەپێدانی ئاراستەكانی زانستی لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستەكان. |

ئەو توێژینەوانەی كە تایبەتن بەبابەتی بیركردنەوەی تیڕامان

| | ناوی توێژەر، ساڵ و شوێنی بڵاوبونەوە | ئامانجی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | نمونەی توێژینەوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | القطراوي (2010) فەلەستین | ئامانجی توێژینەوەكە دیاریكردنی كاریگەریی بەكارهێنانی ستراتیژی لێكچونەكان بو لە پەرەپێدانی پرۆسەكانی زانست و تواناكانی بیركردنەوەی تێڕامان لە بابەتی زانست لای قوتابیانی پۆلی هەشتەم. | ڕێبازی ئەزمونی | 18 قوتابی ڕەگەزی مێ،كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو، 41 قوتابی ڕەگەزی مێ لەكۆمەڵەی ئەزمونی | جیاوازییەكی بەهاداری ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەكانی تاقیكردنەوەی قوتابیان كۆمەڵەی ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو لەتاقیكردنەوەی پەرەپێدانی بیركردنەوەی تێڕامان، بەكارهێنانی ستراتیژە هاوشێوەكان، لەبەرژەوەندی كۆمەڵەی ئەزمونی. |
| 4 | مستەفا (2016) سلێمانی - كوردستان | زانینی ڕاددەی كارایی هێلكاری ئیشیاكاوا لەسەر دەسكەوت و گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێڕامان لای فێرخوازانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژو لە شاری سلێمانی | ڕێبازی نیمچە ئەزمونی | 50 فێرخواز لە هەردو ڕەگەز | كاریگەریی بەهاداری ئاماریی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەكانی تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ هەردو گرۆپ لەئاستی بیركردنەوەی تیڕامان، لەبەرژەوەندی كۆمەڵەی ئەزمونی، كە وانەكەیان بەرێگای هێلكاری ئیشیكاوا خوێندبو. |

## ٣. ڕێككارییەكانی توێژینەوە:

لەم بەشەی توێژینەوەكە ئەو هەنگاوانە دەخەینە ڕو كە توێژەران گرتویانەتە بەر بۆبەدیهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەو، هەروەها دەستنیشانكردنی كۆمەڵگاو نمونەكانی توێژینەوە، و ڕێكخستنی ڕێككارییەكان و بەدیهێنانی مەبەستەكانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئامرازەكان، هەروەها تاقیكردنەوەكەی ئەزمونەكی و بەكارهێنانی ئامرازەكانی شیكردنەوە و نیشاندانی ئەو ئامرازە ئامارییانەی كەلە توێژینەوەكە بەكارهاتووە و سودی لێ بینراوە.

### ٣. ١ ڕێبازی توێژینەوە:

ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕێبازی ئەزمونی، چونكە سروشتی توێژینەوەكە و ئامانجەكانی پێویست دەكات كە توێژینەوەكە ئەزمونی بێت. مەبەست لە ڕێبازی ئەزمونی گۆڕانێكی بەمەبەست و ڕێكخراو و ڕونە بۆ دیاردەیەك بە مەرجە دیاریكراوەكان، پاشان تێبینیكردنی ئەنجامەكان و گۆڕانكارییەكان لە خودی دیاردەكە و شیكردنەوەیان، ئەم ڕێبازە بە یەكێك لە كاریگەرترین ڕێبازی توێژینەوە دادەندرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بە ڕێگایەكی دروست و زانستییانە (علیان و غنیم، 2000، ل50).

### ٣. ٢ نەخشەی ئەزمونی توێژینەوەكە:

توێژەران نەخشەیەكی ئەزمونییان بۆهەردو كۆمەڵەكە كێشا، كۆمەڵەی ئەزمونی كە بابەتەكە بەرێگەی ستراتیژی نەخشەی هزری دەخوێنن، و كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بابەتەكە بەرێگای ئاسایی دەخوێنن، كە دو تاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكییان بۆكراوە لە پێوەری بیركردنەوەی تێڕامان، هەروەكو لەخشتەی (2) ڕونكراوەتەوە:

خشتەی (2)

نەخشەی ئەزمونی توێژینەوەكە

| كۆمەڵە | تاقیكردنەوەی پێشەكی | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیكردنەوەی پاشەكی | گۆڕاوی پاشكۆ |
|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | بیركردنەوەی تێڕامان | ستراتیژیەتی نەخشەی هزری | بیركردنەوەی تێڕامان | گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێڕامان لای قوتابیان |

### 3. ٣ كۆمەڵگەی توێژینەوە:

كۆمەڵگای توێژینەوە پێكدێت لە تەواوی قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر بۆساڵی خوێندنی) 2023-2024.(

### ٣. ٤ نمونەی توێژینەوە:

توێژەران هەستان بە دیاریكردنی (قوتابخانەی ڕێنوای بنەڕەتی تێكەڵاو) بەشێوەیەكی مەبەستدار لەبەر ئەم هۆكارانە:

أ- هاوكاری بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایان لەگەڵ توێژەران.

ب- بونی پێداویستیەكانی جێ بەجێكردنی توێژینەوەكە.

ج- بونی ژمارەی پێویست لە هۆڵی خوێندن بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کە بریتییە لە (2) پۆل.

نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (60) قوتابی لە هەردو ڕەگەز کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکران بۆ سەردو کۆمەڵە، کۆمەڵەی ئەزمومی ژمارەیان بریتییە لە (30) قوتابی کەبابەتی کۆمەڵایەتییان دەخوێند بەپێی ستراتیژیەتی نەخشەی هزری، هەروەها کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ژمارەیان لە (30) قوتابی پێکدەهات کە بابەتی کۆمەڵایەتییان دەخوێند بەڕێگایەکی وانەوتنەوەی ئاسایی.

### ٣.٥ هاوسەنگکردنی نمونەکانی توێژینەوە:

توێژەران گروپی کۆمەڵەی ئەزمومی وکۆنترۆڵکراویان لە کۆمەڵێک گۆڕاودا ڕێکخستووە کە ڕەنگە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت، بەمشێوەیە : کۆنمرەی گشتی بۆنمرەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی بۆساڵی خوێندنی (2022-2023)، تەمەنی قوتابییان بە مانگ هەژمارکراو، ئاستی زیرەکییان و، تاقیکرنەوەی پێشەکی بۆ پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان. توێژەران هەڵساون بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی(T-test) بۆ دو کۆمەڵەی سەربەخۆ و دۆزینەوەی ناوەندە ژمێری، لادانە پێوەرییەکان، و بەهای (T) هەژمارکراو بۆ قوتابییانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لەتاقیکردنەوەی پێشەکی لە کۆنمرەی گشتی نمرەکانیان لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە تەمەنی قوتابیان توێژەران بەسود وەرگرتن لەتۆماری تایبەت بەزانیاری قوتابیان لە قوتابخانەکە توانیان ڕێککەوتی لەدایکبونی قوتابیان بەدەست بهێنن، بەڵام بەمەبەستی دڵنیایی زیاتر لەڕێککەوتی (18/12/2023) هەڵسان بە دابەشکردنی فۆرمی تایبەت بە زانیاری قوتابیانی هەردو کۆمەڵەکە پاشان دەستیان کرد بە تۆمارکردنی داتا خواستراوەکانی تایبەت بە تەمەنیان و هەژمارکردنی تەمەنیان بە مانگ بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی لەدایکبونیانەوە تا ڕێککەوتی (1/12/2023) هەژمارکراوە بەمەبەستی دڵنیا بون لەنەبونی جیاوازی بەهاداری ئاماری لەنێوان تەمەنی قوتابیانی هەردو کۆمەڵەکە لەم گۆڕاوەدا. هەروەها توێژەران تاقیکردنەوەی (ڕافن-Raven) بۆ پۆلە یەك لە دوای یەکە ڕەنگکراوەکان بەکارهێناوە کەپێکدێت لە سێ بەش ((B)- (AB)- (A کە هەریەکەیان (12) بەند لەخۆدەگرن، تاقیکردنەوەکە بۆ تاکەکانی کۆمەڵەی ئەزمومی و کۆنترۆڵ لە هەمان کاتدا پیادەکرا، بەپێی ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی پێوەرەکە، بۆ زانینی بەهای جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی زیرەکی قوتابییانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ، توێژەران پێوەری بیرکردنەوەی تێرامانی پێشەکیان بۆ قوتابییانی دو گروپی توێژینەوەکە بەکارهێناوە. ئەنجامەکان دەرکەوتن، وەک لە خشتەی (3) نیشان دراوە.

خشتەی (3)

هاوسەنگکردنی ناوەندە ژمێرییەکان و لادانی پێوەری و بەهای (T) ی هەژمارکراو بۆقوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی وکۆنترۆڵکرا لەتاقیکردنەوەی پێشەکی لە کۆنمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی پێنجەم، تەمەن، تاقیکردنەوەی زیرەکی و پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵە | ژمارەی نمونەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی(ت) هەژمارکراو | بەهای sig | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆنمرەی گشتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی | ئەزمونی | 30 | 68.33 | 11.592 | 58 | 1.235 | 0.222 | بەڵگەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 30 | 72.03 | 11.613 | | | | |
| تەمەنی کاتی قوتابیان هەژمارکراو بەمانگ | ئەزمونی | 30 | 147.93 | 2.924 | 58 | 0.146 | 0.884 | بەڵگەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 30 | 147.83 | 2.350 | | | | |
| تاقیکردنەوەی زیرەکی | ئەزمونی | 30 | 26.37 | 5.000 | 58 | 1.031 | 0.307 | بەڵگەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 30 | 25.07 | 4.763 | | | | |
| تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ بیرکردنەوەی تێرامان | ئەزمونی | 30 | 56.33 | 9.181 | 58 | 1.238 | 0.221 | بەڵگەدارنییە |
| | کۆنترۆڵکراو | 30 | 54.07 | 3.956 | | | | |

ئەنجامەکانی خشتەی (3) دەریانخست کە بەهای (sig) بۆ سەرجەم گۆڕاوەکان گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بۆ هەریەکێ لەگۆڕاوەکان، هەر بۆیە هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆلکراو گۆڕاوەکانیان هاوشێوەن.

### ٦.3 ڕێکخستنی هۆکارە ناوەکییەکانی پەیوەست بەئەزمونی توێژینەوەکە:

**1-بابەتی خوێندن:** توێژەران لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پۆلی شەشەمی بنەڕەتی – بەشی جوگرافیایان هەڵبژارد کە وەرزی دووەم دەخوێندرێت، ئەو بەندانەی دیاریکرا بۆ ماوەی ئەزمونییەکە پێکدەهات لە : (بەندی یەکەم: شوێنی عێراق، بەندی دووەم: ئاووهەوای رووەکی خۆرسك، بەندی سێیەم: دەرامەتەکانی ئاو، بەندی چوارەم: دانیشتوان و چالاکییە مرۆییەکان)، کە بۆ هەردو گروپەکە وەکو یەك خوێندراوە.

**2-مامۆستا:** یەکێك لە توێژەران هەستا بە وتنەوەی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی شەشەم بەپێی ستراتیژی نەخشەی هزری بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی، هەمان مامۆستا وانەی بە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دەگوتەوە بە ڕێگای ئاسایی.

**3-کاتی خایانراوی تاقیکردنەوەی توێژینەوە:** جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی لەسەر کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە (23/1/2024) دەستپێیکرد و لە (8/4/2024) کۆتایی هات، و ماوەی دروستی وانەوتنەوە بۆ قوتابییانی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بریتیبو لە (8) هەفتە، بە تێکڕای (2) بەشە وانە لە هەفتەیەکدا، واتە کۆی گشتی (16) بەشە وانە بۆهەر کۆمەڵەیەك.

**4-هۆکارەکانی فێرکردن:** مامۆستا ئامرازو هۆکاری جۆراوجۆری فێرکردنی گونجاو بەکاردەهێنا بۆ هەربابەتێکی وانەوتنەوەی هەردو کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو.

### ٧.3 ئامرازی توێژینەوە:

### 1-7-3 پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان بۆ قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

توێژەران پێوەری بیرکردنەوەی تێرامانیان ئامادەکرد بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**ئامادەکردنی برگەکانی پێوەر:** پاش گەڕانەوەی توێژەران بۆ توێژینەوەکانی پێشو و ئەو سەرچاوە زانستیانەی کە پەیوەندیان بە پێکهاتە و تایبەتمەندی نمونەی توێژینەوەکەوە هەیە، توێژەران هەستان بە ئامادەکرنی برگەکانی پێوەرەکە بە گەڕانەوە بۆ ئەم توێژینەوانە: توێژینەوەی (البياتي، 2022)، توێژینەوەی (الشرحة، 2016)، برگەکان دیاریکران کە پێکهاتبون لە (20) برگە و پشتییان بە کۆمەڵێک بنەما بەستووە لە داڕشتنی برگەکاندا کە بریتین لە:

- پێویستە هەر برگەیەک لەسەر یەک بیرۆکە هەژمار بکرێت.
- پێویستە کورت بێت و بە زمانێک بێت کە نمونەی توێژینەوەکە لێی تێبگات.

**دیاریکردن جێگرەوە و هێزی برگەکان:** توێژەران هەستان بە دیاریکردنی جێگرەوە و هێزی برگەکان کە پێکهاتووە لە پێنج جێگرەوە: (هاوڕام بەتەواوی، هاوڕام، بێلایەنم، هاوڕانیم، هاوڕانیم بەتەواوی) هاوکات هێزی برگەکان لە خشتەی (4) ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٤)

ڕونکردنەوەی دابەشکردنی نمرەکانی وەڵامدانەوە لەسەر برگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان

| برگەی ئەرێنی | هاوڕام بەتەواوی | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | هاوڕانیم بەتەواوی |
|---|---|---|---|---|---|
| هێزی برگە | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| برگەی نەرێنی | هاوڕام بەتەواوی | هاوڕام | بێلایەنم | هاوڕانیم | هاوڕانیم بەتەواوی |
| هێزی برگە | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |

**ڕاستی ڕواڵەتی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان:** دوای ئامادەکردنی برگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان، بە مەبەستی ڕاستی و دروستی برگەکان و ڕاستی پێوەرەکە، توێژەران خستییانە بەردەستی ژمارەیەك لە پسپۆری تایبەت بەو بوارە، پاشکۆی (A). بۆ زانینی گونجاوی برگەکانی پێوەرەکە و دروستی لە داڕشتنی هەر برگەیەك، و جێگرەوە و هێزی برگەکان، پاش وەرگرتنی بۆچونیان دەربارەی تەواوی پێوەرەکە، لە ژێر ڕۆشنایی بۆچون و تێبینییەکانیان، توێژەران هەستان بە شیکردنەوەی وەڵامەکانیان و ڕێکخستنەوەی زمانەوانی و واتایی هەر برگەیەك کە تێبینیان لەسەر هەبووە، و دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی جی کۆپەر (J. Cooper) بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی هاوڕابونی شارەزایان لەسەر برگەکانی پێوەرەکە کە ئەگەر هات و ڕێژەی ڕازیبونی شارەزایان لەنێوان (70-100) بو ئەوا بە ڕاستییەکی بەهێز دادەنرێت (الوكيل والمفتي، 2007، ل288). دەرکەوت کە ڕێژەی هاوڕابون بریتییە لە (89%) ، کەزیاتر لەنێوان پسپۆڕاندا ڕێپێدراوە بۆ برگەکانی پێوەرو گونجانی، بەمشێوەیە پسپۆران هاوڕابون لەسەر مانەوەی سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە کە (20) برگەیە.

**جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نمونەی ڕاپرسی (العينة الاستطلاعية):** دوای ئامادەکردنی برگەکانی پێوەر، توێژەر پێوەرەکەی لەسەر نمونەی ڕاپرسی جێبەجێکرد کە پێکهاتبو لە (40) قوتابی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە (قوتابخانەی دیرینی بنەڕەتی)، لە ڕێککەوتی 2023/11/19، مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم ڕێککاریە بۆ زانینی ئەمانەی خوارەوەیە:

1- زانینی ئاستی ڕونی پرسیارەکان.

2- دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی برگەکانی ڕاپرسی، کە تێیدا تێکڕای کاتی دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوە لەسەر برگەکانی ڕاپرسی لەنێوان (22-31) خولەك بو کە تێکڕا دەکاتە (26:30) خولەك.

3- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان.

4- هەژمارکردنی هاوکۆلکەی ڕاستگۆیی گونجانی ناوەکی.

بۆ گەیشتن بە ڕاستگۆیی بنیاتنانی ڕاپرسی توێژەران پشتیان بەست بە هەردو شێوازی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان و ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی بۆ فۆرمەکان، بەمەبەستی هێشتنەوەی یان لابردنی برگەکان، کە توێژەران لەڕێگای نمونەی ڕاپرسی کە ژمارەیان (40) فۆرم بو بەدەستیان گەیشتبو ، وەك لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

**أ- هێزی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان:**

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی برگە، ئاستی تواناکەیەتی بۆ جیاکردنەوەی لەنێوان کۆمەڵەی ئاست بەرز و کۆمەڵەی ئاست نزم. پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان، توێژەران هەستان بەئەنجامدانی ئەم ڕێککارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی نمرەکان و ڕیزبەندکردنییان بە شێوەی بۆ خوارەوەیی، واتا لە بەرز بۆ نزم.

2- وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ بەرزترین نمرە کە کۆمەڵەی بەرز دەنوێنێ، وە وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ نزمترین نمرە کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنێ.

پاشان دابەشکردنییان بۆ سێ چین، چینی یەکەم بەرزترین ئاست (27% جارانی 40 بکرێت=11، هەمان ڕێککاری بۆچینی دووەم کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنێ، و بەهاو بەهاکانی دیکەش کە ژمارەیان (18%) بو، لە جیاکارییەکانی برگەکان پشتگوێ خران. بەمشێوەیە (11) قوتابی لەکۆمەڵەی بەرز و (11) قوتابی لە کۆمەڵەی نزم وەرگیران کە کۆی هەردو کۆمەڵە دەکاتە (22) قوتابی.

3- توێژەر تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بەکارهێنا بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Sample t test) بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرییەکان بۆ نمرەی هەردو کۆمەڵەی بەرزو نزم، و بۆ هەر برگەیەك لە برگەکان، هەروەکو لە خشتەی (5) ڕونکراوەتەوە:

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

خشتەی (5)
هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەری بیرکردنەوەی تێڕامان

| Sig | P-Value | نرخی t | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری | نمونە | کۆمەڵەی بەرز - نزم | ژ. بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| S | 0.000 | 5.679 | .775 | 4.00 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 1 |
| | | | .944 | 1.91 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.692 | .539 | 3.91 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 2 |
| | | | .786 | 2.27 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.001 | 3.873 | .820 | 3.45 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 3 |
| | | | .831 | 2.09 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 6.390 | 1.221 | 3.91 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 4 |
| | | | .505 | 1.36 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.893 | .688 | 4.45 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 5 |
| | | | 1.079 | 2.18 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.001 | 3.966 | .809 | 4.36 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 6 |
| | | | 1.104 | 2.73 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 7.296 | .874 | 4.18 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 7 |
| | | | .820 | 1.55 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.010 | 2.840 | .674 | 4.36 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 8 |
| | | | .820 | 3.45 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 6.136 | 1.120 | 3.64 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 9 |
| | | | .505 | 1.36 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.926 | .786 | 3.73 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 10 |
| | | | .934 | 1.55 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.514 | 1.079 | 3.82 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 11 |
| | | | .647 | 1.73 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 6.713 | 1.128 | 3.45 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 12 |
| | | | .302 | 1.09 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 7.926 | 1.206 | 4.36 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 13 |
| | | | .467 | 1.27 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.612 | 1.009 | 3.27 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 14 |
| | | | .505 | 1.36 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 6.999 | 1.000 | 4.00 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 15 |
| | | | .505 | 1.64 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 5.732 | 1.471 | 3.82 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 16 |
| | | | .405 | 1.18 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.004 | 3.246 | 1.191 | 2.73 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 17 |
| | | | .522 | 1.45 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 4.362 | 1.362 | 3.64 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 18 |
| | | | .820 | 1.55 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 4.922 | 1.221 | 3.09 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 19 |
| | | | .405 | 1.18 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |
| S | 0.000 | 4.969 | 1.044 | 4.09 | 11 | کۆمەڵەی بەرز | 20 |
| | | | .831 | 2.09 | 11 | کۆمەڵەی نزم | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

بە تێڕوانین لە خشتەی (5)، پاش بەکارهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری بەپشت بەستن بە ئەنجامەکان ئەگەر بەهای (Sig)ی هەر برگەیەك لە ئاستی (0.05) بەرزتربێت ئەوا توێژەران بەبرگەیەکی جیاوازیان داناوە و لایانبردووە، سەرجەم برگەکان بەلگەداری ئاماریی بون لە ئاستی (0.05).

### ب- ڕاستی گونجانی ناوخۆیی:

توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی هەستان بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نمونەی ڕاپرسی کە پێکهاتبو لە (40) قوتابی، پاشان هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسون بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لەنێوان هەر برگەیەك لەگەڵ برگەکانی پێوەر، لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە، هەروەکو لەخشتەی (6) خراوەتە ڕو:

خشتەی (6)

هاوکۆلکەی پەیوەست بون لەنێوان هەر برگەیەك لەبرگەکانی پێوەر و نمرەی گشتی

| برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبون | Sig | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبون | Sig | برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستبون | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | $0.693^{**}$ | 0.00 | 8 | $0.513^{**}$ | 0.01 | 15 | $0.803^{**}$ | 0.00 |
| 2 | $0.712^{**}$ | 0.00 | 9 | $0.762^{**}$ | 0.00 | 16 | $0.800^{**}$ | 0.00 |
| 3 | $0.578^{**}$ | 0.00 | 10 | $0.762^{**}$ | 0.00 | 17 | $0.370^{**}$ | 0.01 |
| 4 | $0.818^{**}$ | 0.00 | 11 | $0.645^{**}$ | 0.00 | 18 | $0.718^{**}$ | 0.00 |
| 5 | $0.746^{**}$ | 0.00 | 12 | $0.775^{**}$ | 0.00 | 19 | $0.706^{**}$ | 0.00 |
| 6 | $0.555^{**}$ | 0.00 | 13 | $0.819^{**}$ | 0.00 | 20 | $0.699^{**}$ | 0.00 |
| 7 | $0.778^{**}$ | 0.00 | 14 | $0.780^{**}$ | 0.00 | | | |

لە خشتەی (6) ڕونکراوەتەوە، کە گشت برگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەلگەداری ئاماریيان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0.05) هەیە، بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig)ی هەر برگەیەك، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی بەدەستهاتو دەردەکەوێت کە هەمو برگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبونی ناوخۆیی و ڕاستیان هەیە، بەمشێوەیە پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان بەشێوەیەکی کۆتایی پێکهات لە (20) برگە.

### 8-3 جێگیری پێوەر:

### 1-8-3 توێژەران دو ڕێگایان بەکارهێنا بۆهەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری:

1- ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە: توێژەران هەستان بە جێبەجێکردنی ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە، کە لەسەر قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەی (هەڵبجەی بنەڕەتی) لە پارێزگای هەولێر پیادەکرا، دوای تێپەڕینی (2) هەفتە بەسەر جێبەجێکردنەکەدا، دوبارە تاقیکردنەوەکە لەسەر هەمان کۆمەڵە ئەنجامدراوە لەماوەی (11/26 تا 10/ 12/ 2023)، هەژماری هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن بۆ پێوەری (بیرکردنەوەی تێرامان) دۆزرایەوە، کە بریتی بو لە (0.89). خشتەی (7):

خشتەی (7)

بەهای هاوکۆلکەی پیرسۆن بۆ ژماردنی جێگیری لەوەرگرتنی بڕیار بۆ پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان

| تاقیکردنەوە | نموونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | هاوکۆلکەی جێگیری | Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی یەکەم | 20 | 71.20 | 6.550 | 38 | 0.89 | 0.00 |

2 - ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ: هاوکۆلکەی جێگیری لە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ گەیشتە (0.91) ئەم ئەنجامەش بەڵگەیە لەسەر بەرزی جێگیری پێوەرەکە، و توێژەران دڵنیا دەکاتەوە کە لەسەر نمونەی توێژینەوەکەیان جێبەجێی بکەن.

### 9-3 جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە:

1-ئامادەکردنی بابەتی زانستی خوێندن کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتییە، بەپێی ستراتیژی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری.

2-ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان.

3-دڵنیابون لە ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان.

4-تاقیکردنەوەی چاوگە نمونەیەك بەڕێگای مەبەستدار، کەئەمیش قوتابخانەی (ڕێنوای بنەڕەتی) لەلایەن یەکێك لە توێژەران کە پسپۆری بابەتەکەیە.

5- دڵنیابون لەهاوشێوەیی کۆمەڵەکان بەر لەتاقیکردنەوەکە وەکو: ( تەمەنی قوتابییان، نمرەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەبابەتی کۆمەڵایەتی، دەستکەوتی زیرەکی، پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان).

6- جێبەجێکردن پێوەر لەسەر نمونەی توێژینەوە (العینة الاستطلاعیة)، هەروەها دۆزینەوەی هاوکۆلکەی جێگیری بە هەردو ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە و ئەلفا کرونباخ لە ماوەی (11/26 تا 10/ 12/ 2023)،

7-وانەوتنەوەی هەردو کۆمەڵەکە لەڕێککەوتی (2024/1/23) تا (2024/4/8) بۆ ماوەی (8) هەفتە بەردەوام بو، ژمارەی بەشەوانەکان بریتی بو لە (16) بەشەوانە هەربەشە وانەیەك ماوەکەی (40) خولەك بو.

8-جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان، دوای کۆتایی هاتنی وانەوتنەوە بۆ هەردو کۆمەڵەکە.

9-ڕاستکردنەوەی پەڕاوی تاقیکردنەوەی پێوەری بیرکردنەوەی تێرامانی پاشەکی و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان ئەمیش بە بەکارهێنانی (T.test) و هەژمارکردنی قەبارەی کاریگەریی و گەیشتن بەدەرئەنجامەکان و شیکردنەوەیان.

### 10-3 ئامرازە ئامارییەکان:

توێژەران هەستان بەبەکارهێنانی بەشێك لە ئامرازە ئامارییەکان وەکو ناوەندە ژمێریی، لادانی پێوەری و (Independent Sample t test) و (Paired Sample t test)، قەبارەی کاریگەریی هاوکێشەی دوجای ئێتا، کە بۆ ئەم مەبەستە توێژەران بەرنامەی ئاماری (SPSS) بەکارهێناوە.

## 4- خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان:

### 1-4 گریمانەی سفری یەکەم:

جیاوازی بەلگەداری ئاماریی نییە لە ئاستی بەلگەداری ($\alpha$=0.05) لە ناوەندە ژمێری نمرەکانی هەردو تاقیکردنەوەی پێشەکی

و پاشەکی لە بیرکردنەوەی تێرامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی کە بابەتەکەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی نەخشەی هزری دەخوێنن.

بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیە، توێژەران تاقیکردنەوەی تائی (T.test) بۆ دو نمونەی پێکەوەلکاو (Paired Sample t test) بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماریی لە نێوان ناوەندە ژمێریی و لادانی پێوەری نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی پێشەکی و پاشەکی لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی تێرامان، هەروەك لە خشتەی (8) داتا و ئەنجامەکان خراونەتەڕو:

خشتەی (8)

ئەنجامی جیاوازی ناوەندە ژمێرییەكان و لادانی پێوەری و بەهای (T.test) بۆتاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكی بۆگەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان لای كۆمەڵەی ئەزمونی

| كۆمەڵە | تاقیكردنەوەكان | | ژمارەی قوتابییان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | (T.test) هەژماركراو | بەهای Sig | بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | بیركردنەوەی تێرامان | پێشەكی | 30 | 56.33 | 9.181 | 58 | 5.637 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| | | پاشەكی | 30 | 68.30 | 8.061 | | | | |

لە خشتەی (8) بۆمان ڕون دەبێتەوە كە ناوەندەژمێرەیی تاقیكردنەوەی بەراپی بۆ گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان لای گروپی ئەزمونی بریتییە لە (56.33) بە لادانی پێوەری (9.181)، و ناوەندەژمێری تاقیكردنەوەی پاشەكی بریتییە لە (68.30) بە لادانی پێوەری (8.061) بەهای (T.test) بریتییە لە (5.637)، بە نرخی ئەگەری (Sig) (0.00) كە زۆر كەمترە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05)، ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەكانی پێشەكی و پاشەكی بونی هەیە، لای قوتابییانی چاوگە نمونەی ئەزمونی لەبیركردنەوەی تێرامان لەبەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشەكی، هەربۆیە گریمانەی سفری یەكەم ڕەتدەكەینەوە، گریمانەی جێگرەوە وەردەگرین: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندە ژمێری نمرەكانی هەردو تاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكی لە بیركردنەوەی تێرامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ كۆمەڵەی ئەزمونی كە بابەتەكەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی نەخشەی هزری دەخوێنن.

**3-4 گریمانەی سفری دووەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندەژمێری نمرەكانی تاقیكردنەوەی پاشەكی لە بیركردنەوەی تێرامان لەنێوان قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ كۆمەڵەی ئەزمونی كە بابەتەكەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی نەخشەی هزری دەخوێنن، و كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كەبابەتەكەیان بە ڕێگایەكی ئاسایی دەخوێنن.

بۆ پشكنینی ئەم گریمانەیە، توێژەران تاقیكردنەوەی تائی (T.test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ (Independent Sample t test) بەكارهێنا بۆ زانینی جیاوازی ئاماریی لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری نمرەكانی قوتابیانی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو و كۆمەڵەی ئەزمونی لە تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، هەروەك لە خشتەی (10) داتا و ئەنجامەكان خراونەتەڕو:

خشتەی (9)

ئەنجامی جیاوازی ناوەندە ژمێرییەكان و لادانی پێوەری و بەهای (T. test) نێوان هەردو كۆمەڵەی ئەزمونی وكۆنترۆڵكراو لە تاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان

| كۆمەڵە | تاقیكردنەوەكان | | ژمارەی قوتابیان | ناوەندەژ مێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | (T) هەژماركراو | بەهای Sig | بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | بیركردنەوەی تێرامان | پاشەكی | 30 | 68.30 | 8.061 | 58 | 5.336 | 0.00 | بەڵگەدارە |
| كۆنترۆلكراو | بیركردنەوەی تێرامان | پاشەكی | 30 | 58.33 | 6.229 | | | | |

لە خشتەی (10) بۆمان ڕون دەبێتەوە كە ناوەندە ژمێرەیی كۆمەڵەی ئەزمونی بریتییە لە (68.30) بەلادانی پێوەریی (8.061)، هەروەها ناوەندەژمێرەیی كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بریتییە لە (58.33)، بەلادانی پێوەریی (6.229)، بەهای تاقیكردنەوەی (T. test) یەكسانە بە (5.336) بە نمرەی ئازادی (58). بەهای ئەگەری (Sig) بریتییە لە (0.00) ،كە كەمترە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05)، ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی لەنێوان ناوەندەژمێرەیی نمرەكانی هەردو كۆمەڵەكە ئەزمونی و كۆنترۆڵكراو هەیە لەتاقیكردنەوەی پاشەكی بۆگەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان، لەبەرژەوەندی كۆمەڵەی ئەزمونی، هەربۆیە گریمانەی سفری دووەم ڕەت دەكەینەوە، گریمانەی جێگرەوە وەردەگرین: جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (α=0.05) لە ناوەندەژمێری نمرەكانی تاقیكردنەوەی پاشەكی لە بیركردنەوەی تێرامان لەنێوان قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ كۆمەڵەی ئەزمونی كە بابەتەكەیان بەپێی ڕێگای وانەوتنەوەی نەخشەی هزری دەخوێنن، و كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو كەبابەتەكەیان بە ڕێگایەكی ئاسایی دەخوێنن.

دوای شیكردنەوەی داتاكان و دەرخستنی ئەنجامەكان توێژەران گەیشتنە ئەو ڕاستیەی كە بەكارهێنانی ستراتیژی نەخشەی هزری كاریگەریی زیاترە بەراوورد بە بەكارهێنانی ڕێگای كلاسیكی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ستراتیژی نەخشەی هزری یارمەتی بیركردنەوەی زیاتری قوتابیان دەدات و جێبەجێكردنی چالاكییەكان لە مامۆستاوە دەگوازیتەوە بۆ قوتابی و گرنگی بە كارامەییەكانیان دەدات. ئەم ئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەكانی (عبدالجلیل، 2022) وە توێژینەوەی (الشیخانی، 2014). لەبەرئەوەی ستراتیژییەكە كاریگەرتر بووە بەراورد بەڕێگای كلاسیكی لەسەر كۆمەڵەی ئەزمونی، بۆیە قەبارەی كاریگەرییەكە بە بەكارهێنانی هاوكێشەی دوجای ئیتا ($N^2$) دۆزرایەوە، خشتەی (11) ئەمە ڕون دەكاتەوە:

خشتەی (10)

بەهای ($N^2$) قەبارەی كاریگەری ستراتیژی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیركردنەوەی تێرامان

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | کۆمەڵە | قەبارەی چاوگە نمونە | هەژمارکراو (T) | نمرەی ئازاد | بەهای قەبارەی کاریگەریی $N^2$ | قەبارەی کاریگەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخشەی هزری | بیرکردنەوەی تێرامان | ئەزمونی<br>کۆنترۆڵکراو | 30<br>30 | 5.336 | 58 | 0.32 | زۆرگەورە |

لەخشتەی (11) ڕوندەبێتەوە کەقەبارەی کاریگەریی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان لەجێبەجێکردنی پاشەکی لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو بەپێی هاوکێشەی دوجای ئیتا بریتییە لە (0.32) ئەم بەهایەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەریەکی گەورە لەوانەوتنەوە بەپێی ستراتیژیەتی نەخشەی هزری لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان لای قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە ناوەندەژمێرەیی نمرەی کۆمەڵەی ئەزمونی بەراورد بە ناوەندەژمێری نمرەی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو. بۆ زانینی ئاستی قەبارەی کاریگەرییەکە بڕوانە خشتەی ژمارە (12):

خشتەی (١١)

ئاستی قەبارەی کاریگەریی دوجای ئیتا

| بچووك | ناوەند | گەورە |
|---|---|---|
| 0.01 | 0.06 | 0.14 |

( Sullivan & Feinn, 2012, p:280 )

## 5- دەرەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیاز:

### 5-1 دەرئەنجام:

1- بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەی هزری لەوانەوتنەوەدا باشترە لەبەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی بۆگەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان.

2 -دەرئەنجامەکان دەریانخست کە بەکارهێنانی ستراتیژی نەخشەی هزری کاریگەریکەی زیاترە لە بەکارهێنانی ڕێگای کلاسیکی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان لە فێربونی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

### 5-2 ڕاسپاردە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەران پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

1- جێبەجێکردنی ستراتیژی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

2- جێبەجێکردنی ستراتیژی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری لەتەواوی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بەو پێیەی کاریگەریەکەی زیاترە لە ڕێگای کلاسیکی.

3- مامۆستایان هەوڵبدەن بۆکاراکردنی ڕۆڵی قوتابیان کە ببن بەچەقی فێربون لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

4- ئامادەکردنی بەرنامەك بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوە تێرامان لای قوتابیان.

### 5-3 پێشنیاز:

توێژەران پێشنیازی چەند توێژینەوەیەك دەخەنە ڕو کە لە داهاتوودا ئەنجام بدرێ:

1- توێژینەوەیەك ئەنجام بدرێ سەبارەت بەکاریگەریی ستراتیژیەتی نەخشەی هزری لەگەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، کارامەییەکانی بیرکردنەوەی چارەسەری کێشەکان، کارامەییەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنە گرانە.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی کاریگەریی ستراتیژی نەخشەی هزری لەسەر دەستکەوتی مەعریفی لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەرچاوەکان:


سعید، فایەق، (2022). دیداکتیکی وانەوتنەوە لە قۆناغی پێش خوێندنگەوە تا زانکۆ، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپی فام، سلێمانی.

فاروق، کمال، (2022) پەرەپێدانی توانان ژیرییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

محمد، محمد احمد (2021). ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماڵی ڕاستی.

مستەفا، ئاوات کریم، (2016). کاریگەری هێلکاری ئیشیکاوا لەسەر دەسکەوت و بیرکردنەوەی تێرامان لای فێرخوازانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

بوزان، توني (2009أ). الكتاب الأمثل لخرائط العقل، ط1، الرياض: حقوق الترجمة العربية والنشر والتوزيع محفوظة لمكتبة جرير.

بوزان، توني (2009ب). كيف ترسم خريطة العقل، ط7، الرياض: حقوق الترجمة العربية والنشر والتوزيع محفوظة لمكتبة جرير.

بوزان، توني و بوزان، باري (2010). خريطة العقل، ط6، الرياض: حقوق الترجمة العربية والنشر والتوزيع محفوظة لمكتبة جرير.

البياتي، منى زهير (2022). أثر استراتيجية بوست وبرينان في تنمية التافكير التأملي والدافع المعرفي لدى طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة العلوم الاجتماعيات، مجلة الفتح، مجلد (27)، العدد (1)، أذار لسنة (2023)، ص (333 – 359).

حبيب، مجدي (2003). تعليم التفكير، استراتيجيات مستقبلية للألفية الجديدة، دار الفكر العربي، القاهرة –مصر .

حسين، أحمد عبدالرشيد (2008). أثر استخدام الخرائط الذهنية الجغرافية لتنمية قدرات التصور المكاني والتحصيل الدراسي لدى تلاميذ الصف الأول الإعدادي،كلية التربية، جامعة حلوان, المجلد (14)، العدد (4)، ص (11 – 47).

السوداني، عبدالكريم عبدالصمد و ختام عدنان عبدالسادة الطرعاوي (2011). فاعلية التدريس بالخرائط الذهنية في تنمية التفكير الإبداعي لدى طالبات الصف الأول المتوسط، كلية التربية، جامعة القادسية, مجلة القادسية في الآداب والعلوم التربوية – المجلد (10) العددان (3-4)، ص (87 – 100).

الشرحة، اسيد ناصر محمد (2016). أثر استخدام استراتيجية بوليا في تحصيل طلبة الصف السادس الاساسي في حل المسألة الهندسية وفي تفكيرهم التأملي بمدارس مديرية جنوب الخيل، رسالة ماجستير غير منشورا، كلية العلوم التربوي، جامعة قدس، فلسطين.

الشريف، خالد حسن (2013). التعلم التاملي مفهومه تطبيقاته، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية-مصر .

الشيخاني، سارا أحمد محمدأمين (2014). فاعلية استخدام الخرائط الذهنية في التحصيل وتنمية الاتجاهات العلمية لدى طالبات الصف الثامن الأساس في مادة العلوم، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين – أربيل.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

عبدالجليل، عادل احمد (2022). استخدام الخرائط الذهنية في تنمية مهارات الفهم الاستنتاجي لدى تلاميذ الصف التاسع بدولة كويت، مجلة كلية التربية ببنها، عدد (131)، جزء (1)، يوليو (2022)، ص (455 – 490).

عليان، ربحي مصطفى و غنيم، عثمان محمد (2000)، مناهج و أساليب البحث العلمي النظرية و التطبيق، ط1، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان – الأردن.

الفار، زياد (2011). مدى فاعلية استخدام الرحلات المعرفية عبر الويب في تدريس الجغرافيا على مستوى التفكير التاملي والتحصيل لدى تلاميذ الصف الثامن الأساسي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الأزهر، غزة.

القطراوي، عبدالعزيز (2010). أثر استخدام استراتيجية المتشابهات في تنمية عمليات العلم ومهارات التفكير التأملي في العلوم لدى طلاب الصف الثامن الأساسي، رسالة ماجستير غير منشور، الجامعة الاسلامية، غزة فلسطين .

محمد، اسكندر احمد (2022). مدى توافر مهارات التفكير التأملي وعلاقتها بالتحصيل الدراسي لدى طلبة الصف الرابع الادبي في مادة الادب والنصوص، التربية العامة لتربية ديالى – العراق, مجلة الاستاذللعلوم الانسانية، مجلد 61، عدد (4)، سنة 2022، ص (1 – 26).

الوكيل، حلمي أحمد والمفتي، محمدأمين (2007). أسس بناء المنهج وتنظيماتها، عمان: دار الميسرة.

Buzan, Tony. (2006). Mind Mapping Kick start your creative and transform your life. Spin, Mateo cromo.

Kagan, J. M. (1988). Teaching as clinical problem solving: A critical examination of the analogy and its implication. Teaching and Teacher Education, V.6, N. PP337-354.

Kim. Y, (2005). Cultivating reflective thinking: The effect of is reflective thinking tool on leaners learning performant and meta cognitive awareness in the context of on, Line learning - unpublished doctoral dissertation, the Pennsylvania state university.

Schon, D.A (1987): Educating the reflective practitioner: Toward a new Design for teaching and learning in the professions, San Francisco: Jossey Bass.

Sullivan G. M. & Feinn R (2012). Using Effect Size – or why the p value is not enough. Journal of Graduate Medical. 4(3) pp.279-282.

Wehmeier, Sally (2005). Oxford Advanced Learner's Dictionary, Tehran, 7th edition.

# پاشکۆکان

پاشکۆی (A)

ناوی بەڕێزان لە شارەزایان و پسپۆران

| ژ | ناوەکان | نازناوی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. حسين سعدي ابراهيم | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی |
| 2 | د. جواد نعمت حسين | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 3 | د. سلوى أحمد امين | پرۆفیسۆر | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4 | د. فرهاد علی مصطفى | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە |
| 5 | د. کريم احمد عزيز | پ. یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی پەروەردە |
| 6 | د . سيناء احمد علی | پ. یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 7 | د. ئەشتی سلێمان حسۆ | پ. یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |

پاشکۆی (B) نمونەیەك لە پلانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێگای نەخشەی هزری بۆ کۆمەڵەی ئەزمونی

| | |
|---|---|
| پۆل: شەشەمی بنەڕەتی | بابەت: کۆمەڵایەتی/ جوگرافیا |
| ڕۆژو ڕێککەوت: 3-3-2024 | کاتی تەرخانکراو: 40 خولەك |
| چالاکی کشتوکاڵی/ بەروبومی خۆراك لە عێراق – لاپەڕە: 100-102 | |

**ئامانجی گشتی:** ئاشنابونی قوبیان بە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان – جوگرافیا، و ناساندنی بابەتی وانەکە و شیکردنەوەی گرنگی فێربونی بابەتەکە بۆ قوتابیان و دەرخستنی توانای مامۆستا بۆ ڕەخسەساندنی کەشی فێربون لەپۆلدا، هەروەرها گەیاندنی بابەتەکە لە کاتی تەرخانکراو.

**ئامانجی تایبەتی:** فێرکردنی قوتابییان و ئاشنابونییان بەکۆمەڵێك چەمك و زانیاری نوێ تایبەت بە بەروبومی خۆراك لە ڕێگەی ستراتیژی نەخشەی هزری و ڕەخساندنی هەلی فێربون بۆیان تابتوانن زانیارییەکان بگۆڕن بۆ کارامەیی.

**ئامانجە فێرکارییەکان:**

**1- ئامانجی مەعریفی: قوتابیەکە بتوانێت:**

- جۆرەکانی بەروبومە کشتووکاڵییەکان بژمێرێت.
- ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر کشتووکاڵ دیاریبکات.
- پێناسەی بەروبومی خۆراك بکات.
- باسی دانەوێڵەی گەنم بکات.
- دانەوێڵەی جۆ ڕونبکاتەوە.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62

- جیاوازی بکات لە نێوان گەنم و جۆ.
- پێناسەی برنج بکات.
- جۆرەکانی گەنمەشامی بژمێرێت.

**2- ئامانجی ویژدانی هەڵچوون: قوتابیەکە بتوانێت:**

- گەشەپێدانی مەیل و حەز و ئارەزوی بۆ بابەتەکە.
- هاندانیان بۆ فێربون.
- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەبێت بە شێوەیەکی ئەرێنی و ئاگاداربون لە هەستی ئەوانی دیکە.

**3- ئامانجی دەرونی جوڵەیی (کارامەیی): قوتابیەکە بتوانێت:**

- وێنەی گەنم بکێشێت.
- وێنەی جۆرەکانی گەنمەشامی دیارییکات لەسەر وایت بۆرد.
- دروستکردنی نەخشەی هزری بۆ چالاکییە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی خۆراك لە عێراق.

**ئامرازەکانی فێرکردن:**

1- تەختەسپی. 2- بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ وێنەکێشانی پێویست. 3- بەکارهێنای کاغەزی A4.

**پێویستییەکانی دروستکردنی نەخشەی هزری:**

1-کاغەزی سپی، هێڵ و نەخش. 2- پێنوسی ڕەنگاو ڕەنگ 3-ژیری (عەقڵ). 4-خەیاڵ (ئەندێشە).

**هەنگاوەکانی وانەوتنەوە:**

**1-پێشەکی (دەسپێك) (5) خولەك:**

جێبەجێکردنی پێداچونەوەیەکی خێرا بە بابەتی ڕابردو ، بەمەبەستی پەیوەستکردنی زانیارییەکانی ڕابردوی قوتابیان بە وانەی نوێ ، ئەویش لە ڕێگای ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێك پرسیار بۆ قوتابیان، و باسکردنی وانەی ڕابردو بەشێوەیەکی کورت ، قوتابیان لە وانەی ڕابردو باسمان لە دانیشتوان کرد و پێکهاتەی نەتەوە و ئاینمان لە عێراق خستەڕو. وە ئەمڕۆش باس لە بابەتێکی نوێ دەکەین ئەویش چالاکی کشتوکاڵییە.

**2-خستنەڕو(30)خولەك:**

بۆئەوەی مامۆستا بابەتەکە بەقوتابیان ئاشنا بکات کە بەڕێگای نەخشەی هزری بابەتەکە دەڵێتەوە، قوتابییەکان تێ دەگەیەنێ کەبابەتەکەی ئەمڕۆیان بە نەخشەی هزری ڕوندەکرێتەوە بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1- نوسینی بابەتە سەرکییەکانی وانەکە لەسەر تەختە سپی.

2- مامۆستا سەرەتا گرنگی نەخشە کێشان و ڕێکخستنی زانیارییەکان لەڕێگای بەکارهێنانی نەخشەو هێڵەکان و پوختەکردنی زانیارییەکان و ئاسان و وەرگرتنییان بۆدەخاتە ڕو دواتر بۆیان ڕون دەکاتەوە کەپێشتر بەڕێگای نەخشەی چەمکەکان بابەتی هاوشێوە خوێنراوە، ئەم ڕێگای وانەوتنەوەیەش نزیکە لەنەخشەی هزری، و بۆیان ڕوندەکاتەوە کە بەروبومی خۆراك بەستراتیژی وانەوتنەوەی نەخشەی هزری پیادەدەکەین، دواتر لەڕێگای پرسیارکردنەوە فێرخوازان ئاشنا دەکات بەبەکارهێنانی هێڵ و نەخشەو وێنە کەلەڕێگای وانەوتنەوەکە پەیڕەو دەکرێ.

3-مامۆستا بیرۆکەی نەخشەی هزری و پێکهاتەکانی بەتەواوی فێرخوازان ئاشنا دەکات وگرنگی بەستنەوەی بابەتەکە بە ناوەرۆکی نەخشەی هزری و هەنگاوێکی کاریگەرترو ئاسانتر بۆوەرگرتنی زانیاریەکانی پەیوەست بە بەروبومی خۆراك و بەئاسان لەبیرنەکردنی بابەتەکە و ئەمبارکردنی زانیارییەکە لەهەردو بەشی مێشکی قوتابی کەهەرلایەك بەرپرسە لە هەڵگرتنی زانیاری جۆراو جۆر.

4- مامۆستا بەڕێگای نەخشەی هزری بابەتەکە پێشکەشدەکات و پرسیار لەفێرخواز دەکرێ، سەرەتا ناوی بابەتەکە لەناوەڕاستی پەڕەکە (وایت بۆرد) دەنوسرێت (بەروبومی خۆراك لە عێراق)، دواتر مامۆستا پرسیار لەقوتابییان دەکات، ئایا کێ دەتوانێ پێمان بڵێت بەروبومی خۆراکی چی دەگرێتەوە؟ پاشان مامۆستا وەڵامی قوتابیان وەردەگرێت و دەینوسێتەوە لەو هێڵانەی لەبازنەی ناوەڕاست دەبێتەوە پێیان دەوترێت، (هێڵە سەرەکییەکان) کەڕەنگی جیاوازی تیادا بەکاردێت.

5-مامۆستا لەسەرخۆ و دانە بەدانە وەڵامی دروستی قوتابییان وەردەگرێت و بابەتەکە نیشانی قوتابییان دەدات بۆدڵنیابون لەدروستی وەڵامەکانییان.

6-دوای ئەمانە مامۆستا لەسەر تەختەکە هەنگاوەکان بەکردەیی نیشانی قوتابیان دەدات و دوبارەی دەکاتەوە.

7- لەکاتی پرسیاری قوتابیان بۆ ئەوەی مامۆستا بابەتەکە بەزەینی قوتابییان ببەستێتەوە لەسەر هەروەڵامێك وێنەیەك دەکێشێ بۆئەوەی نوسینەکە تێکەڵ بەوێنەکان بکرێت و لە مێشکی قوتابییان باشتر بچەسپێ و لەبیری نەکەن.

8-هەرلەکاتی شیکردنەوەی بابەتەکان مامۆستا ئەم پرسیارانەش ئاراستەی قوتابیانی دەکات

- کامە بەروبومی خۆراکی هاوینەیە؟
- کامە بەروبومی خۆراکی زستانەیە؟
- چاندنی برنج پێویستی بە چییە؟
- چەند جۆر بەروبومی کشتوکاڵی هەیە؟

**پوختەی بابەت:**

لەکۆتاییدا مامۆستا لەسەر وێنە درووستکراوەکە تەواوی بابەتەکان بۆقوتابییانی شیدەکاتەوە، خاڵە گرنگەکانی بابەتەکەیان زیاتر بۆ دەخاتە ڕو.

**هەڵسەنگاندن (3خولەك):**

-بۆئەوەی مامۆستا دلنیابێ کەئامانجەکانی بابەتەکەی پێکاوەو فیدباکی قوتابییەکانی بکات چەند پرسیارێکیان بۆ ئامادە دەکات؟

-ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر کشتوکاڵ چین ؟

-شۆڕەکات بەهۆی چییەوە ڕودەدا؟

- جۆرەکانی گەنمەشام بژمێرە؟

**ئەرکی ماڵەوە(2خولەك)**

1- لەسەر لاپەڕەیەك بابەتی بەروبومی خۆراك بەڕێگای نەخشەی هزری دروستبکە، ئەرکەکە بە شێوەی تاك دەبێت.

2- سەوزە و میوە و پۆلێنکردنیان، لاپەرە 103-104.

**نمونەی بەروبومی خۆراك لە عێراق بە ستراتیژی نەخشەی هزری:**




**پاشکۆی (C)**

**نمونەیەك لە پلانی وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەرێگای نەخشەی هزری بۆ کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو**

| | |
|---|---|
| پۆل: شەشەمی بنەڕەتی | بابەت: کۆمەڵایەتی/ جوگرافیا |
| ڕۆژ و ڕێککەوت: 3-3-2024 | کاتی تەرخانکراو: 40 خولەك |
| چالاکی کشتوکاڵی/ بەروبومی خۆراك لە عێراق – لاپەڕە: 100-102 | |

**ئامانجی گشتی:** ئاشنابونی قوبییان بە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان – جوگرافیا، و ناساندنی بابەتی وانەکە و شیکردنەوەی گرنگی فێربونی بابەتەکە بۆ قوتابییان و دەرخستنی توانای مامۆستا بۆ ڕەخسەساندنی کەشی فێربون لەپۆلدا، هەروەرها گەیاندنی بابەتەکە لە کاتی تەرخانکراو.

**ئامانجی تایبەتی:** فێرکردنی قوتابییان و ئاشنابونیان بەکۆمەڵێك چەمك و زانیاری نوێ تایبەت بە بەروبومی خۆراك لە ڕێگەی ستراتیژی نەخشەی هزری و ڕەخساندنی هەلی فێربون بۆیان تابتوانن زانیارییەکان بگۆڕن بۆ کارامەیی.

**ئامانجە فێرکارییەکان:**

**1- ئامانجی مەعریفی: قوتابیەکە بتوانێت:**

- جۆرەکانی بەروبومە کشتووکاڵییەکان بژمێرێت.

- ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر کشتوکاڵ دیاربیکات.

- پێناسەی بەروبومی خۆراك بکات.

- باسی دانەوێڵەی گەنم بکات.

- دانەوێڵەی جۆ ڕونبکاتەوە.

- جیاوازی بکات لە نێوان گەنم و جۆ.

- پێناسەی برنج بکات.

- جۆرەکانی گەنمەشامی بژمێرێت.

**2- ئامانجی ویژدانی هەڵچون: قوتابیەکە بتوانێت:**

- گەشەپێدانی مەیل و حەز و ئارەزوی بۆ بابەتەکە.

**پاشکۆی (D) پێوەری بیرکردنەوەی تێرامان**

| ژ | برگە |
|---|---|

- هاندانیان بۆ فێربوون.

- کارلێکی کۆمەڵایەتی هەبێت بە شێوەیەکی ئەرێنی و ئاگاداربون لە هەستی ئەوانی دیکە.

**3- ئامانجی دەرونی جوڵەیی (کارامەیی): قوتابیەکە بتوانێت:**

- وێنەی گەنم بکێشێت.

- وێنەی جۆرەکانی گەنمەشامی دیاربیکات لەسەر وایت بۆرد.

- دروستکردنی نەخشەی هزری بۆ چالاکیە کشتوکاڵییەکان و بەروبومی خۆراك لە عێراق.

**ئامرازەکانی فێرکردن:**

1- تەختەسپی. 2- بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ وێنەکێشانی پێویست. 3- بەکارهێنای کاغەزی A4.

**هەنگاوەکانی وانەوتنەوە:**

**1-پێشەکی (دەسپێك) (5) خولەك:**

جێبەجێکردنی پێداچونەوەیەکی خێرا بە بابەتی ڕابردو ، بەمەبەستی پەیوەستکردنی زانیارییەکانی ڕابردوی قوتابیان بە وانەی نوێ ، ئەویش لە ڕێگای ئاراستەکردنی کۆمەڵێك پرسیار بۆ قوتابیان ، و باسکردنی وانەی ڕابردو بەشێوەیەکی کورت ، قوتابیان لە وانەی ڕابردو باسمان لە دانیشتوان کرد و پێکهاتەی نەتەوە و ئاینان لە عێراق خستەڕو. وە ئەمڕۆش باس لە بابەتێکی نوێ دەکەین ئەویش چالاکی کشتوکاڵییە.

**2–خستنەڕو(30)خولەك:**

مامۆستا لە سەرەتادا ڕونکردنەوەیەك لەسەر بابەتەکە دەدات بە شێوەیەکی گشتی کە بەروبومی خۆراك بایەخێکی زۆری بۆ دانیشتوان و خۆراکی سەرەکی دانیشتووانە هەیە ، هەروەرها بەروبومی خۆراك بۆ سەر سێ لقی سەرەکی دابەشدەبن لەوانە: دانەوێڵە، سەوزە و میوە، کە دانەوێڵە دەبێت بە چوار بەشی سەرەکی لەوانە (گەنم – جۆ – برنج – گەنمە شامی)، هەروەها ئەوە ڕوندەکاتەوە کە گەنم و جۆ بەروبومی زستانەن و پشت بەباران دەبەستن، جیاوازییان ئەوەیە کە جۆ بەرگەی کەم ئاوی و شۆرەکات دەگرێت, بەڵام گەنم بەرگە ناگرێت، هەروەها برنج و گەنمەشامی بەروبومی هاوینەن و پشت بە ئاودێری دەبەستن، برنج پێویستی بە ئاوی زۆر و پلەی گەرمای بەرزە، گەنمەشامی دو جۆری سەرەکی هەیە ئەوانیش: (زەرد و سپی). پاشان مامۆستا دەست دەکات بە پرسیارکردن لە قوتابییەکان بەپێی ڕیزبەندی ئەرکەکە، لە هەر چەمك و ناونیشانێك کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی قوتابیان دەکات و وەڵامی جیاواز وەردەگرێتەوە.

**هەڵسەنگاندن (3خولەك):**

-بۆئەوەی مامۆستا دڵنیابێ کەئامانجەکانی بابەتەکەی پێکاوە و فیدباکی قوتابییەکانی بکات چەند پرسیارێکیان بۆ ئامادە دەکات؟

-ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر کشتوکاڵ چین ؟

-شۆرەکات بەهۆی چییەوە ڕوودەدا؟

- جۆرەکانی گەنمەشام بژمێرە؟

**ئەرکی ماڵەوە(2خولەك)**

- سەورزە و میوە و پۆلێنکردنیان، لاپەرە 103-104.

1 دوای خوێندنەوەی ئەرکەکان، بیرکردنەوە و تێگەیشتنم بۆ چەمکەکان زیاتر دەبێت.

2 جێبەجێکردنی چالاکییەکان پێویستی بەوەیە لەو چەمکانە تێبگەین کە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان خوێندومانە.

| | |
|---|---|
| 3 | جێبەجێکردنی چالاکییەکان پێویستی بەوەیە لەو چەمکانە تێبگەین کە لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان خوێندومانە. |
| 4 | هەست دەکەم بەهۆی ئەنجامدانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان تێڕوانینم بۆ خۆم گۆڕاوە. |
| 5 | هەندێکجار هەندێک ئەرکەکانم ئەنجام دەدەم بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکەمەوە. |
| 6 | بۆ ئەوەی سەرکەوتو بم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان، پێویستە لە ناوەڕۆکەکە تێبگەم. |
| 7 | بۆ ئەوەی سەرکەوتو بم لە جێبەجێکردنی ئەرکەکان، پێویستە لە ناوەڕۆکەکە تێبگەم. |
| 8 | ئەنجامدانی هەندێک چالاکیی بیرۆکەکانی پێشوم ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەکەنەوە. |
| 9 | کاتێک بە قووڵی بیردەکەمەوە، تێگەیشتنم بۆ بابەتەکان ئاسانتردەبن. |
| 10 | بیرکردنەوەی قووڵم بۆ بابەتەکە، یارمەتیم دەدات تا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە مێشکمدا پوخت بکەمەوە. |
| 11 | هەندێک جار بیر لە کارەکانم دەکەمەوە تا بزانم دەتوانم باشتر بم. |
| 12 | لە ئەنجامی بیرکردنەوەم بۆ بابەتەکان، شێوازی ئاسایی کارەکانم گۆڕیوە. |
| 13 | ئەگەر پەیڕەوی لە قسەکانی مامۆستا بکەم، پێویست ناکات زۆر بیر لە ئەرکەکان بکەمەوە. |
| 14 | بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان پێویستە بەردەوام بیر لەو بابەتانە بکەمەوە کە فێری بوم. |
| 15 | زۆرجار ئەزمونەکەم هەڵدەسەنگێنمەوە بۆ ئەوەی لێی فێر بم و ئەدای دواترم باشتر بکەم. |
| 16 | لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چالاکییەکانەوە توانیم کەموکوڕی و هەڵەکانی فێربونی پێشوم بدۆزمەوە. |
| 17 | توانای ڕێکخستنی بیرۆکەی بابەتەکانم بە شێوەیەکی دروست هەیە. |
| 18 | توانای تێگەیشتن لە زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانم هەیە. |
| 19 | توانام هەیە بۆ بەستنەوەی بیرۆکە هاوبەشەکان بۆ خوێندنی بابەتەکان و چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان. |
| 20 | توانای پشتبەستن بە زانیاری نوێم بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەیەک بۆ زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp48-62